گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 111–122, Mar.-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# کارایی وێنە لەسەر دەربڕینی نووسەکیی

ئیبراهیم قادر محمد* و نظام حسن رشيد
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێما کوردستانێ–عێراق.

وەرگرتن:2017/12   پەسەندکرن: 2018/03   بەلاڤکرن: 2018/03   https://doi.org/10.26436/2018.6.1.555

پوخته:
مرۆڤ، بەیاریدەی زمان ـ جودا لەگیانداارانی دی ـ توانای دەربڕینی زارەکیی باڵاو چالاکە، ئەگەر بێت و کەسەکە خوێندەواریش بێت، ئەوا بەوشەو ڕستەیش ڕوونتر و قوڵتر هەستەکانی ناخی بۆ بەرانبەر دەردەبڕێت. لێرەوەیە مرۆڤ و بوونەوەرانی تر جیاوازییەکی ئاشکرایان لەنێواندا هەیە. هەردوو شێوەکەی دەربڕین (زارەکیی و نووسەکیی) پێویستیان بەچالاککردن و پەرەپێدانە، وەسیلەو هۆکارەکانیش لە ماڵ و کۆمەڵ و قوتابخانەدا بەردەست بن و کەسانی لێزان و شارەزا کاری بۆ بکەن، ئاستێکی بەرز و هونەریی و چێژبەخش دەدەنە ئەم کارامەییە کە لەبنەچەدا ڕەمەکە (غەریزە)یەو تێر و پاراو دەکەیت.
**پەیڤێن سەرەکی**: مرۆڤ، گیانداران، دەربڕین (زارەکیی و نووسەکیی)، کارامەیی خۆدەربڕین، ڕەمەك، چالاککردن، پەرەپێدان.

## 1. پێشەکی

مرۆڤ خاوەن کۆهەست و چەندین ڕەمەك (غەریزە) و کارامەییەکی جەستەیی و ژیرییە. دەربڕین، چ جەستەیی یان زارەکیی بێت، باوترین و دیارترین و چالاکترینیانە. سەرەتا بەدەنگ و هاوار و ئاماژەی ساکار بووە، دواتر کە فێری وێنەکێشانی سەر قوڕ و دار و بەرد بووە، پەلی کێشاوە بۆ واتای پتر و بیرۆکەی قوڵتر بخاتە ناو وێنەکان و هەر لەم بەرەو پێشچوونەوە وێنەکێشان و نوسینی وێنەیی سەریان هەڵداوە، تاکو گەیشتوەتە ئەم هەموو ئەلفابێتە جۆراوجۆرەی سەرزەوی، کە هەر نەتەوەو گرووپەکەسانێك جۆرێکیان بۆ دەربڕین داهێناوە، یان لەدراوسێ هاوکۆمەڵەکانیانەوە خواستوویانەو بەکاریان هێناوە.

کە نووسین بووە هاوڕێی دەربڕین ، ئەوکات دەوڵەمەندتر بوو، بازنەی خۆی فراوانکردوو بایەخپێدانیشی فرەتر بوو، مرۆڤ بیری لەوەکردەوە کە بۆ مانەوە (البقاء)ی خۆی و کەلتوور و مێژووەکەی لەسەر قوڕی سوورەوەکراو، بەردە نووسەکان و پێستی ئاژەڵان و دواتریش لەسەر کاغەز بەجۆرەها کەرەستەی هەڵکۆڵین و نووسین خەمی لە نەمرییەکی مەعنەوی خواردووە. کە لەخۆیدا ناوازەترین بەخششی پەروەردگارەو داهێنانەکانی مرۆڤی پێپارێزراوە و جێی شانازی مرۆڤە کە بەردەوامە لەتۆمارکردنی ژیانی ڕۆژانەی، سات بەسات و چرکە بەچرکە.

هاوکات لەگەڵ بانگ و بێژەو هاوار و جوڵەی زمان جەستەدا، نووسین بووە بەیاریدەدەرێکی تری مرۆڤ و ئەم کارامەییەی پێ پتەوتر و تۆکمەتر و قوڵتر کرد. لەقوتابخانەیشدا، بایەخ و بەرەوپێشچوون و پەرەپێدانی ئەم کارامەییە ڕەمەکییە (غریزەیی)یە، کرد، بەڵام لەزۆر کاتدا بایەخی تەواوی پێنەدراوە.

ئەم ڤەکۆڵینە لەئەو پێگەیەوە کراوە، کە لە ئەم ساڵانەی دواییداو، پێشتریش بایەخی تەواو بە ئەم کارامەیی کە لقێکی هەر زمانێکە، لەهەرێمی کوردستاندا وەك پێویست نەدراوە. لێکۆڵەران لە ئەو بڕوایەدان، کە بە وەسیلەی جۆراوجۆر و ڕاهێنانی پەروەردەیی و زانستیی هونەرییانەی پتر ئەم کارامەییە شیاوی پەرەپێدان و بەرەو پێشێوونە. لە ئەم ڕوانگەیەوە ئەم ڤەکۆڵینە جێبەجێکرا.

## 2. دەروازەی لێکۆڵینەوەکە

مرۆڤ ناڕاستەوخۆ لەخێزانەوە دەستی بەفێرکردنی ئەم بەهرەو کارامەییە و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی دی کرد. تەنیا لەغەریزەیەکەی کوێری ناو خانەکانی لەشیدا دەوری نەدا (حصر)، بەڵکو بیری لەپەرەدان بەپێوەندییەکان و نەپچڕاندنیان کردەوە، گواستنەوەکەیش بەهەنگاوسەرەتاکان بووە، فێرکردن لەماڵەوە (دایك و باوك) و بەزۆریش دایك و بەزارەکیی، وەلێ کە کار پێویستی بەوەکرد لەماڵ دەربچێت، بازنەکە فراوانتر ببێت، هەر لەماڵاندا جێگەیەك بۆ ئەم پەروەردەکردن و فێرکردنە تەرخانکرا. سەرەتایش تایبەت و داخراو بوو، تەنیا منداڵی خانەدان و کەسە پلەباڵاکانی کۆمەڵی گرتەوە، هەر لێرەیشەوە زاراوەی (پیداگۆگ) (کەریم مستەفا، 2011، لا24) سەری هەڵداو. لەتایبەتبوونی بەبەندەو لەلەکانەوە کەخزمەتی منداڵیان دەکرد و دەیانبردن بۆ فێرگە، بوو

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

بەناوی ئەو شوێنەی منداڵانی تیادا فێر دەکرا، واتە: قوتابخانە بچووکەکان. کە دەوڵەتی گەورەو ڕووبەر فراوانیش دامەزران، ئیدی پرۆسەکە منداڵانی زۆرتر و هەمەجۆرتری لەخۆگرت و بایەخێکی زۆر بە نووسین و دەربڕین گەشەی کردو دەزگاو شوێنی تایبەت و کەسانی تایبەتیان بۆ تەرخانکرد. لەبەر ئەوەی هەموو زانستەکان پێویستیان بە خوێندنەوەو نووسین هەبوو. بایەخێکی زۆر بە کارامەیی و توانای نووسین و دەربڕین درا.

لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی مرۆڤایەتییدا ئەو بایەخپێدان و بەتەنگەوە هاتنە بەئاشکرا بەم کارامەییە (دەربڕین) ەوە دیارە. وەك دەبینرێت یەکێك لەلقەکانی زمان، دەربڕینی (زارەکیی و نووسەکیی)یە و هاوکات لەتەك ڕێزمان، ئەزبەرکردن، ڕێنووس، ئەدەب ... دا دەگوترێتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونە لەقوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، نەك هەر لەم سەردەمەدا، بەڵکو پێشتریش و بەهۆی پەیوەندبوونی هەرێم بەبەغدادەوە وەکو ئیدارەو پەروەردە، هەمان بەرنامەو ڕێگاکانی ئەوان بۆ فێرکردن پەیڕەو کراوە و دەکرێت، هەوڵنەدراوەکە لەزمان و سەرچاوەیەکی ترە نەعەرەبی و نە عێراقی، وەکو: ئینگلیزی، ئەڵمانی ... تاد زانیاری تەواو لەبارەی فێرکردن و ڕێگای گوتنەوەی ئەم لقە و لقەکانی تری زمانەوەپەیڕەو بکرێت!! ستراتیژ و ڕێگاو شێوازێکی زۆر لەمێژینەی سواوی بێزارکەر لەبەرگیراوەو دەگیرێت، ئەمە جگە لەلاوازیی بەرنامەکان و تەنانەت بابەتی دەربڕینەکانیش، ئەوە کەم ئاگایی و نەشارەزایی مامۆستای زمان لە ئەولای هەمووەوە با بمێنێت!! ڕێگای ئەزبەرکردنی کوێرانەو ڕوونووسکردنەوەی سەرپێییانەی قوتابی بۆ ئەوەی مامۆستا یان کەسێکی تر( لەناوخێزان و دەرەوەی)دا دەینووسن، زەقترین و باوترین ڕێگا و شێوازی گەیاندنی ئەم کارامەییەن بەقوتابی. هەر لەماڵەوە تاکو دایەنگا، باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتیی و ئامادەیی ئەم لقەی زمان لەلقەکانی تری وەك: خوێندنەوە، ئەدەب، ڕێزمان، ڕێنووس دا بڕێنراوە ـ بۆ لقەکانی تریش لەیەکدی هەر دروستە ـ لەڕاستیدا کەم بایەخکردن و نەزانینی گوتنەوەی ئەم لقەی زمان، زیانێکی هێندە گەورەو گرانی بەڕۆشنبیریی و ئاستی زانستی قوتابییانی ئەم هەرێمە گەیاندووە، گەر بێت و هەوڵنەدرێت بۆ سڕینەوەو پڕکردنەوەی، ئەوا دەبێت ڕووبەرێکی زۆری خوێندەواران و فێرخوازان لەهەر تەمەنێکدابن دووبارە بخرێنەوە ناو پۆلەکانی فێرکردنی دەربڕینی زارەکیی و نووسەکیی!؟ نموونەش نزمیی ڕادەی تێگەیشتن، دژبوونی خوێندنەوە و ئەنجامەکانی، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ـ کە زۆر ساکار و خاکسارە ـ دەریخستووە کە ئەم لقە لەناو پۆلەکاندا بە چ مەرەیەك (دەردێك) گەیەنراوە؟

ئەرکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی پێوەندیی نێوان ئەم لقەی زمان و ڕێگاکانی گوتنەوەیەتی (کەبەکارهێنانی وێنە) یەکێکە لەو شێواز و تەکنیکانەی گرینگیی و کاریگەریی خۆیانیان لەپەرەپێدان و گەشەکردنی ئەم کارامەییەدا دەبێت، ڕوونکردنەوەو نەخشکردنی جێ پەنجەی وێنە لەسەر دەربڕین لەگشت قۆناغەکانی تەمەن و خوێندندا ئاشکرا دەبێت و بواری دەستبەرداربوونی نییە.

لەخۆیدا دەربڕین وەستانی بۆنییە، چونکە پێوەندە بەژیان و ئاخاوتنەوە لەلایەك و تەمەنی مرۆڤ لەلایەکی ترەوە، تەنانەت ئەوکاتەیش کە مرۆڤ لەقسەکردن دەکەوێت، ئاماژەکانی جەستەی، ڕووی، دەنگی، بەردەوامبوونی دەربڕینن.

دوای درککردنی توێژەران بەگرفتی گوتنەوەی دەربڕین (زارەکیی و نووسەکیی) بەباش زانرا لەم بوارەدا  هەوڵێك بدرێت. ئەوەبوو بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە گلاڵەبوو. دوای کۆکردنەوەی زانیاری، دیاریکردنی گرفتەکە، سنووری توێژینەوەکە، زاراوەو گرفتی توێژینەوەکە، دەست بە ئەنجامدانی هەنگاوەکان کرا لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر.

هەروەك ئاماژەی بۆکرا، سنوور و ڕووبەری لێکۆڵینەوەکە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی گشتی پارێزگای هەولێر ـ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێرە،  کە قەزای دەشتی هەولێر (بنەسلاوە) و هەردوو ناوچە (ناحیە)ی کەسنەزان و دارەتوو دەگرێتەوەو، بەشە کارەکییەکەی (پراکتیك)ی لێکۆڵینەوەکەی تێدا بەڕێوە چوو. لەم لێکۆڵینەوەیەدا (12) دوازدە قوتابخانەی بنەڕەتی گرووپی لێکۆڵینەوەکەن. لەهەر قوتابخانەیەکیشدا لە پۆلی شەشەکان، تەنیا یەك پۆل وەرگیراوە. لەو پۆلەشدا تەنیا یەك وانەی (40) خولەکیی کراوە بە پێوەری تاقیکردنەوەی پێشان (قبلی) و پاشان (بعدی). کۆی گشتی قوتابییانی بەشدار (310) سێسەد و دە قوتابی بوون، بەڵام تێیاندا (27) قوتابی فۆرمەکانیان پوچەڵ بوونەوە بەهۆکاری نەبوونی ناوی قوتابی لەسەر هەردوو فۆرمەکە یاخود لەسەر دانەیەکیان. بەم پێیە ژمارەکە کەم بۆوە بۆ (283) دووسەد و هەشتاو سێ قوتابی. سەبارەت بە هاوسەنگیی ڕەگەزیی، (140) سەد و چل قوتابی کچ بوون و (143) سەدو چل و سێ قوتابییەکەی دی کوڕ بوون.

### 1.2. پرسیاری توێژینەوەکە:

ئایا وێنە ـ وەکو وەسیلەیەکی ڕوونکردنەوە ـ کاریگەریی لەسەر پەرەپێدانی دەربڕینی نووسراو (نووسەکیی) هەیە؟

1.1.2. **زاراوەکان:** (دەربڕین، نووسین، دەبڕینی زارەکیی، دەربڕینی نووسەکیی، مامۆستای فێرکردنی دەربڕین، گوتنەوەی دەربڕین، وێنە، کاریگەریی، ژینگەکانی بەهێزکردن و پەرەپێدانی دەربڕینی زارەکیی و نووسەکییی، خێزان، دایەنگا، باخچەی منداڵان، کۆمەڵ، قوتابخانە، بازنەی یەکەم، بازنەی دووەم)

2.1.2. **دەربڕین (التعبیر)**: ئەو هەوڵ و تەقالایانەی کە منداڵ لەکۆرپەییەوە ـ ئەگەر نەگوترێت لە کۆرپەلەییەوە ! لەسکی دایکدا ـ ئاراستەی ژینگەی خۆی دەکات، چ بە جوڵە، هاوار، ئاماژەی دەست و قاچ و رووە بێت ـ کە دەکاتە بەر لەفێربوونی زمان. دواتریش بەهۆی دەنگ و هەندێك وشەی کتو پچڕ.

3.1.2. **دەربڕینی زارەکیی (التعبیر الشفهی)**: لەناوەکەی دیارە، کە بەهۆی ئاخاوتنەوە دەبێت و لەوکاتەدایە کە منداڵ فێری قسە / ئاخاوتن بووە.

4.1.2. **دەربڕینی نووسەکیی، نووسراو (التعبیر الکتابي)**: دوای فێربوونی قسە و نووسین منداڵ دەتوانێت ناخی خۆی و ئەوەی بە بیریدا دێت بەپێی توانای خۆی بخاتە سەر کاغەز و کەسانی دی بیخوێننەوە.

5.1.2. **نووسین**: لە توێژینەوەکەدا هاو وتای داڕشتن (دەربڕینی نووسراو/ الکتابة/ Writing)ە.

6.1.2. **کۆمەڵی توێژینەوەکە**: پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کۆمەڵی (مجتمع)ی توێژینەوەکەیە، کە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر (بنەسلاوەو کەسنەزان و دارەتوو) دەگرێتەوە.

2.2. **سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

تەنیا لەبابەتی داڕشتن (نووسین)دایە.

3.2. **نموونە (عینە):**

قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی (لەهەردوو رەگەز) پەروەردەی دەشتی هەولێری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای هەولێرە، لەقوتابخانە بنەڕەتییەکانی بنەسلاوەو کەسنەزان و دارەتوودا.

4.2. **گرفتی توێژینەوەکە:**

بایەخ نەدان بەکارامەیی دەربڕینی زارەکیی و نووسەکیی (نووسین) لەماڵەوەو قوتابخانەدا، لەتەك هەبوونی بۆشاییەکی پەروەردەیی و فێرکاریی لەڕەوتی فێرکردن و فێربوونی منداڵی کورددا هەر لەماڵەوە تاکو قوتابخانە، چ لەلایەن مامۆستای زمانەوە بێت، یان لەزنجیرەی بەرنامەکانی خوێندندا.

5.2. **ئامانجی توێژینەوەکە:**

پەرەدان بەکارامەیی دەربڕین و نووسین (داڕشتن) لەقۆناغی بنەڕەتیدا بەگشتیی و لەپۆلی شەشەمدا ـ بەتایبەتی بۆ ئاسانکردنی گوتنەوەی ئەم لقەی زمان و کارامەتر کردنی مامۆستای زمان و قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی گوتنەوەی ئەم لقەی زمان، لە رووی: رێگای گوتنەوە، کاتی تەرخانکراو بۆی و پتر شارەزاکردنی مامۆستایانی زمان لەم بوارەدا.

5.2. **توێژینەوەکانی پێشتر:**

بەپێی ئاگاداری هەردوو توێژەر ئەدەبییات و نووسین لەبارەی پرۆسەی هونەریی و ئەدەبییانەی (نووسین)ەوە، بەشێوەی کتێب، نامیلکەیەك بەزمانی کوردی ـ چاپیش کرابێت لەبەردەستدا نییە، یا ئەگەر هەشبێت ناوەڕۆکیان لاوازە. بەڵام، (ئالان پشتیوان کەریم) ماستەر نامەیەکی پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەزانکۆی سەلاحەددین، کردووە بەم ناونیشانە:(بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکیی بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لەزمانی کوردیدا، 2014). کارێکی زانستییانەیە بۆ پەرەدان بە کارامەیی دەربڕینی زارەکیی و نووسەکیی.

6.2. **رێکارەکانی توێژینەوەکە:**

لەتوێژینەوەکەدا بەراوردکردن بەکار دەهێنرێت، نە بە ئەو شێوەیەی لە لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵکو بەراوردکردن بە بەکارهێنانە ئاساییە رۆژانە و فەرهەنگییە زمانییەکەی و لەشێوەی تاقیکردنەوەی پێشان و پاشان (القبلی والبعدی)دا وەکو لە توێژینەوەکەدا روونددەبێتەوە و مامەڵەی لەتەکدا کراوە.

7.2. **بایەخی دەبڕین (داڕشتن):**

ژیانی مرۆڤ تەنیا خواردن، خەوتن و حەوانەوە نییە، چونکە گەر وابوایە، لەتەك گیاندارانی تردا هیچ جیاوازییەکی نەدەبوو! ئەو کۆمەڵەی مرۆڤ هەر لەبەرایی ژیانییەوە پێکەوەی ناوە، لەئەنجامی پێداویستی پێکەوەژیان و هاوکاریکردنی یەکدی بووە. بەڵگە نەویستیشە کە زمان زادەی ئەو پێکەوەژیانە بەراییە بووە کە بۆ لەیەکتر گەیشتن و راز و نیازکردن بەکارهاتووە. سەرەتا دەنگی جۆراوجۆر و ئاماژەی هەمەڕەنگی جوڵاندنی جەستە (زمانی جەستە) بەپێی زانستیی و زمانەوانی یەکێکە لە بنەماکانی پەیدابوون و گەشەکردنی زمان.

لێرەوە بایەخی دەربڕین لەلایەن هەر تاکێکەوە ئاشکرا دەبێت. دوای گەشەکردنی زمان بەپێی تیۆرە ماتریاڵەکانی زمان و پەیدابوونی زمان ئەو تێکەڵاویی و پێکەوەژیانە پەرەی بەلەیەکتری گەیشتنی نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك داوە. هەروەکو لەڕەوتی مێژووی داهێنانی نووسینیشدا روونە. خاڵێکی گرینگی نووسین (لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ) پاراستنی زمان و پێکەوە گرێدانی ئەڵقەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکیی بووە.

لێرەدا کەباس لەدەربڕین دەکرێت، مەبەست دەربڕینی نووسراو (نووسەکیی)ە، کەدوا بەدوای داهێنانی نووسین، شان بەشانی دەربڕینی زارەکیی بەرەوە پێشهاتووە. توانراوە بەزنجیرەیەك رووداوەکان چ بە وێنەی سەر بەرد و قوڕی سورکراوە بووبێت، یان

دواتر لەسەر کاغەز (بەهەموو جۆرەکانییەوە) هەوڵدراوە ئەو زنجیرەیە نەپچڕێت و بەردەوام بێ بۆشایی بمێنێتەوە، کە فێرکردنی خوێندنەوەو نووسین سەری هەڵدا. ئامانجی مرۆڤ ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارتر کردنی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵ بووە. دیسانەوە بەردەوامیدان (التواصل) (حسین، 2006، ص28 – 31) بە ڕەوەڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتی کەوتەوە پاراستنی هەمووژیان بەنووسین. لێرەوە بایەخدان بە دەربڕین و نووسین دیارتر و بەهێزتر بوو، لەپۆلە سەرەتاییەکانەوە بایەخی پێدرا، وەکو لەبەرهەمی ڕابەرانی یەکەمی مێژووی ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتییدا نووسەرانی بەناوبانگی وەکو (ئەفلاتۆن 400 پ.ز، و ئەرستۆ 331 پ.ز) و کەسانی دی لەنووسین و دانراوەکانیاندا لەبارەی گوتاردان و گفتوگۆکردنەوە بەرهەمی ناوازەیان نووسی.

ئەوەی بایەخی دەربڕین ئاشکراتر و بەهادارتر دەکات، دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زمانی تاکە، کە دەتوانێت بەبیرتیژی و هێزی داڕشتن بابەتە جۆراوجۆرەکان بنووسێت و بوێرانە و بێ شەرم و سڵەمینەوە بیرۆکە ڕاگوزارییەکانی لەشێوەی شیعر و پارچە پەخشانی بەتام و چێژ و سەرنجڕاکێشدا بخاتە بەردەست و چاوی خوێنەران. ئەوەندەی بیر و هۆش چالاکبن و زمان دەوڵەمەند، دەیان جار ئەوەندەیش دەربڕین بەپێز و بەبڕشتر دەبێت. (ئالان پشتیوان کەریم، 2014، لا4).

ئەمانە وایانکرد دەربڕین بەشێك بێت لە ژیانی ڕۆژانەی هەرتاکێك و لەقوتابخانەو زانکۆکاندا خەمی لێبخورێت و شارەزاییان بۆ پەرەپێدان و گەشەپێکردنی کتێبی جۆراوجۆریان نووسی. لەپۆلەکاندا مامۆستایان بایەخیان پێداو بووە بابەتی ناو گوتنەوەی زمان و لەزانست و بابەتەکانی تری نازمانیشدا کەڵکی زۆری لێوەرگیراوە، لەئەمڕۆیشدا لقێکی دانەبڕاوی زمانەو لەهەموو پۆلەکانی قۆناغەکانی خوێندندا بایەخی پێدەدرێت و بۆ گەشەپێکردنی هەوڵی بەردەوام دەدرێت و ئەم توێژینەوەیەش دەبێتە ئەڵقەیەکی زنجیرەی ئەو هەوڵانە.

### 8.2. گرینگی وێنە لەسەر دەربڕین (داڕشتن):

مرۆڤ بەبێ هەستەکانی هیچ جیاوازییەکی نابێت لەتەك شت و مەکەکانی دەوروبەریدا، لێرەوە گەورەیی وبەهای هەستەکان بۆ مرۆڤ ڕوونتر دەبێت. هەمیشە لەپەروەردەو فێرکردندا، پەروەردەکاران جەخت لەسەر بەکارهێنانی پتر لەهەستێك دەکەنەوە، چونکە کاریگەرترەو فێربوون ئاسانتر و خێراتر و چەسپاوتر بەدەستدەهێنرێت و فێرخواز لەهەر تەمەنێکدا بێت کارئاسانی بۆ دەکرێت. پێچەوانەکەیشی دروستە. لەگەڵ زانیارییەکانی فێرخوازدا ڕوونکردنەوەو شرۆڤەی ئاسان، کردەی فێربوون خێراتر دەکەن، لەکاتێکدا قسەو شرۆڤەکردن کەهێشتا ڕووتەڵن (ئەبستراك)لەچاو وێنەدا ئەو کاریگەرییەیان هەبێت، داخۆ وێنەو ڤیدیۆ کاریگەرییەکەیان چەندان بێت!؟

بەڵگەنەویستە کە کتێبی وێنەدار و ڕەنگاوڕەنگ هاندەرە بۆ ئاسانتر فێربوونی فێرخواز (بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن)، گەر بێت و لەتەمەنێکی منداڵی وەکو قۆناغی بنەڕەتیدا بێت! بیارنی دەڵێت: (بەپێی لێکۆڵینەوەکان، ئەوە سەلمێنراوە کە پەرتووکی دەوڵەمەند بەوێنە هاوکاری منداڵانە لە پێکەوە گرێدانی هەریەك لەوێنە، وشە و واتا/ بیارنی 2007، لا37). ئەم بۆچوونە لە فێربوون و فێرکردنی خوێندنەوەو نووسیندا لەسەرەتاکانی چوونە ژێر ساباتی پەروەردە، هەر لەباخچەی منداڵانەوە زۆر دروستە. لەفێرکردنی خوێندنەوەدا، هەروەها بۆ فێربوونی زمانێکی تر جگە لەزمانی دایکیش هەروایە. لەمبارەیەوە وراگ پێی وایە کە: (وێنەی بێ وشە لەیەکەم هەنگاوی فێرکردنی خوێندنەوەدا، گەر پێش نووین ووشە بکەوێت، گرنگتر و کاریگەرترە، چونکە هەمیشە وێنەکان، وشەکان و بابەتەکان وەبیر منداڵان دەهێننەوە/ وراگ 2005، 46).

هەروەها چۆن شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ناڕاستەوخۆی نەرم و نیان کاریگەردەبن بۆ سەرنجکێشکردنی منداڵ، لەناو حەکایەت و چیرۆکەوە، وێنەکانیش هاوتای وشەو ڕستە لەقۆناغەکانی دواتری سەرەتای فێربوونی خوێندنەوە و نووسینیشدا هەمان شێوە ئەو کاریگەرییەیان بەردەوام دەبێت، بەمەرجێك لەشوێن و کاتی خۆیاندا بخرێنە بەردەستی قوتابیی و لەکەشێکی پەروەردەییدا بکرێنە وەسیلەی بزواندنی هەست و بیری قوتابی و چالاککردنی کارامەییەکانی بەرەو گەشەکردن و تەنانەت داهێنانیش. (هۆکارەکانی گەشی نووسین لای منداڵ پشت بەو قۆناغە دەبەستێت کە تێیدایە، بۆ نموونە: لەقۆناغی سەرەتایی (بنەڕەتی)دا، دەکرێت کۆمەڵێك وێنەپێکەوە بەشداربن لەیارمەتیدانی قوتابیدا لەپرۆسەی داڕشتن (نووسن)دا / Ministry of Education, 2005, p6). ئەمەش بۆ پتر کاراکردنی بیر و سەرەنجەکانی و کەڵك وەرگرتن لە یادەوەرییەکانی لەتەك ئەو وێنەوە زانیارییانەدا مەزراندنیان لەشوێنی تایبەتی خۆیدا و بەهێزترکردنی نووسینەکە. هەرچەندەباسکردن لەبایەخ و کاریگەری وێنە لەپەروەردەو فێرکردندا بەگشتی وەکو ئەو بەڵگە نەویستەیە کە ئاو سەرچاوەی ژیانە! لەتەك ئەمەشدا ئاشکراتر کردن و هاندان بۆ بەکارهێنانی وێنە لەکردەی داڕشتن (نووسین)دا، مرۆڤ لەهەر تەمەنێکدا و لەهەرکوێیەکدا بێت، گەر وانەبایە مرۆڤ ئەم هەوڵەی نەدەدا، ئامێری وێنەگرتن دابهێنێت و فیلمی سینەمایی دروست بکات (ڕش و سپی پاشان ڕەنگاوڕەنگ)بسازێنێ!! وەلێ کایەکانی ژیان بەردەوام پێویستییان بە بوژانەوەو هێز وەبەردانە، ئیدی بەکارهێنان و نەهێنانیش دەگەڕێتەوە سەر تواناو ئاوەز و بەتەنگەوە هاتنی مامۆستا بەپلەی یەکەم و قوتابیش چێژ لەو هاندان و بایەخپێدانە

وەردەگرێت و توانای خۆسەلماندنی فرەتر و فراوانتر دەبێت، تاکو دەگاتە قۆناغەکانی داهێنان.

ئەو بەڵگەو ڕاستەقینانە بوون توێژەرانیان هاندا کە بیر لە توێژینەویەك بکەنەوە، ئەم ڕاستییانە زیندوتر، نزیکتر لەدیدو بیر و کارامەییکانی قوتابییانەوە پیادەبکەن و مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی ـ بەتایبەتی ـ لەقۆناغی بنەڕەتییدا بیر لەوە بکەنەوە کە ئیدی شێوازی ئەزبەرکردنی وشك و برینگ لەچەقبەستن و بۆدواوە گەڕانەوە پتر، شتێکی تر بەدەستەوە نادات، دەبا دەستبکەن بە چالاککردنی قوتابییانی بنەڕەتی بەرەو مێشککرانەوە و داهێنان و خۆسەلماندن. ترس و تۆقاندن و گەورەکردنی بیرۆکە سواوەکان بەسبێت و بابەتە نوێیەکان، بکرێنە جێگەی بایەخپێدان و نووسینی بێ ترس و ئازاد.

### 3. پلانی گوتنەوەی وانەیەکی (40) چل خولەکی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە:

1- ئامادەکردنی (5) پێنج پرسیاری چەسپاو و ڕیزبەندیکراو (بۆهەموو پۆلەکانی توێژینەوەکە) لەبارەی ژینگەو ژینگەپارێزییەوە کە لەدوو فۆرمی ژمارە (1) و ژمارە (2)دا چاپ و ئامادەکرابوون.

2- ئامادەکردنی (10) دانە لە ئەو وێنە ڕەنگاوڕەنگانەی لەسەر کارتۆنێکی گەورە بەپێی هەنگاوەکانی پەیڕەوکردنی بیرۆکەکە ڕیزکرابوون.

3- چوونە ناو پۆل. ڕۆژباش و سلاو کردن.هێورکردنەوەی پۆل.ڕوونکردنەوەی مەبەست لە گوتنەوەی وانەیەکی داڕشتن لەلایەن یەکێك لەلێکۆڵەرانەوە، کە بۆ تاقیکردنەوەو نمرە نییە.

4- وەرگرتنی ڕای قوتابییانی هەر پۆلێك و سەرپشککردنیان لەبەشداربوون یان بەشدار نەبوون.

5- دەستکردن بەپرۆسەکە. دابەشکردنی فۆرمی ژمارە (1) کە تەنیا پرسیارەکانی لەسەر بوو. وەلامدانەویان.

6- نووسینی ناوی سیانی. پۆل. قوتابخانە.

7- قوتابییان پرسیارەکان دەخوێننەوەو بەپشت بەستن بەزانیاریی پێشوویان، لەماوەی (10) خولەکدا وەلامی پرسیارەکانی فۆرمی ژمارە (1) دەدەنەوە.

8- دابەشکردنی ئەو فۆرمەی کە وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی تێدایە بە کۆپیکراوەیی.

9- ماوەی (5) پێنج خولەك بەقوتابییان دەدرێت، هەموو وێنەکان بەوردی سەرنجیان لێ دەدرێت و لەبابەتەکانیان تێدەگەن. دواتر ئەوەی لەوێنەکانەوە تێی گەیشتن لەبارەی وێنەکانەوە لەسەر فۆرمی ژمارە (2) دەینووسن و هەر وەلامەی لەشوێنی تایبەتی خۆیدا، بەپێی پرسیارەکە ـ کە هەمان پرسیارەکانی فۆرمی ژمارە (1)ن، وەلامەکان دەنووسنەوە.

10- جێگەی ئاماژەیە ئەم هەنگاوەیش (10) خولەکی بۆ تەرخانکراوە، ئەوەی پێویستە بگوترێت نووسینەوەی وەڵامەکانە بەجیاجیاو کۆنەکردنەوەیانە لەبابەتێکی سەربەخۆدا، ئەمەیش تەنیا بۆ ئاگاداربوون لەسەر کاریگەریی وێنەکان لەسەر وەڵامەکان، بەبەراورد لەگەڵ فۆرمی ژمارە (1)دا.

### 4. شیکردنەوەی وەڵامی قوتابییان ( فۆڕمی 1 و 2)

توێژەران سەرجەم داتاکانیان بەپێی ڕیزبەندیی و ژمارەی قوتابخانەکان لەخشتیەکدا خستۆتە ڕوو، بەئامانجی لێکدانەوەو شیکردنەوەو بەراوردکردنی داتاکان. بڕوانە وێنەی ژمارە (1). لەم خشتەیەدا لەگەڵ هەبوونی ڕێژەی جیاواز لەگەشەکردنی قوتابییان لەکارامەیی نووسین لەنێوان قوتابخانەکاندا، هاوکات سەرجەمیان بەسەر یەکەوە، هەست بە بەرەو پێشچونێکی ئاشکرای دڵخۆشکەر دەکرێت، کە (216) قوتابین، ئەم ژمارەیەش (٪76) ژمارەی قوتابییان پێکدەهێنن، بڕوانە وێنەی ژمارە (3). بێگومان، ئەم ڕێژەیە دڵخۆشکەرەو، جێگای هەڵوەستەکردنە لەسەری و جێگای بایەخپێدانی ئەم شێواز و تەکنیکەیە لە گوتنەوەی لقی دەبڕینی بەهەردوو بەشەکەیەوە (زارەکیی و نووسەکیی).

سەربارى ئەو گەشەکردنەی لەوەڵامی ئەو (216) قوتابییەدا دەبینرێت، بەپێچەوانەوە، وەك هەستی پێدەکرێت و لە خشتەکەدا پیشاندراوە (16) قوتابی ، نەك هەر بەرەو پێش نەچوونە، بەڵکو پاشەکشەشیانکردووە. واتە ڕادەی نووسینەکانیان لەڕووی چەندێتیی و چۆنییەتییەوە لەفۆڕمی ژمارە (2)دا کەمی کردووەو بەرەوە دواوە کشاوەتەوە، بڕوانە وێنەی ژمارە (3). تۆمارکردنی ئەم ڕێژەیە لەلایەن توێژەرانەوە، چەند گریمانەیەك لەخۆ دەگرێت:

1. دەشێت هۆکاری بابەتی بێت، بەو واتایەی کە ئەو قوتابییانە لەو ڕۆژەدا باری کۆمەڵایەتیی و ژینگەییان لەبار نەبوبێت، ئەمەش بووبێت بەڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوونیاندا.
2. دەشێت هۆکارەکەی خودیی بێت، بەواتای ئەوەی جیاوازی تاکیی پێماندەڵێت، مەرج نییە شێوازی فێربوونی قوتابییان هەمووی وەکو یەك وابێت، کەواتە دەشێت بگوترێت، هەر شێوازێك کە مامۆستا پێی گونجاو و باشە، مەرج نییە بۆ سەرجەم فێرخوازان باش بێت.
3. گریمانەیەکی تر، بەدوور نازانرێت پەیوەست بێت بە خودی توێژەرانەوە، لەکاتی گوتنەوەی وانەکەدا.

لەگەڵ هەبوونی ئەو دوو جۆرە ئەنجامەی کە بەشێکیان گەشەیانکردبوو، بەشەکەی تر بە پێچەوانەوە ! جۆری سێیەمیش لەناو وەڵامی قوتابییەکاندا هەبوو، ئەو جۆرەش بریتی بوون لەو قوتابییانەی کە نە بەرەو پێشچوونیان بەخۆیانەوە بینیبوو، نە پاشەکشەشیان کردبوو. واتە وەڵامی ئەو قوتابییانە لەفۆرمی ژمارە

(1) هەمان وڵام بوون لە فۆرمی ژمارە (2)دا. ژمارەی ئەو قوتابییانە (51) قوتابی بوون، کە ڕێژەی (18٪)ی ژمارەی قوتابییانیان پێکهێنابوو. بوونی ئەم ئەنجامە لەنێو لێکۆڵینەوەکەدا، هێمای دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەو مەغزای تێڕامانی زیاترە بۆ وەڵامەکان بەلای توێژەرانەوە. هاوکات جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنیشە، بەو واتایەی هۆکارگەلێك هەبن لەپشت دەستهاتنی ئەمجۆرە ئەنجامانە!

لێکۆڵەران وای دەبینن: گۆڕینی مامۆستای بابەت، لەسەرەتادا دەبێتە هۆی شۆکی بەشێك لەقوتابییان و وەستانی چالاکییەکانیان بۆماوەیەك! هەروەها، ئەمە بۆ مامۆستایش ڕاستە کە یەکەمجار دەچێتە پۆلێکەوە، شتێکی نامۆ نییە کە بڵێین مامۆستا نەیتوانیبێت بەتەواوەتی ڕەچاوی ئەوبار و دۆخە بکات، ئەنجامی ئەمەش، بەشێك لە قوتابییان کارلێکیان لەگەڵ مامۆستاو ڕێگاو شێوازەکەیدا نەکردبێت. دواتر ئەم ئەنجامەی لێکەوتبێتەوە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە یاداشتی کردووە.

سەبارەت بە هاوسەنگیی ڕەگەزیی، توێژەران بە پێویستیان زانی نموونەی توێژینەوەکەیان لەقوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، هەردوو ڕەگەز تێیدا بەشدار بن، ئامانج لەمە بۆ ئەوە نەبوو، تاکو بەراوردی ڕەگەزیی بکرێت، بەڵکو ئامانجی توێژەران ئەوە بوو، تاکو ئەنجامەکان گشتاندنی بۆ بکرێت لەسەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر، لەپارێزگاری هەولێر بڕوانە وێنەی ژمارە، لەداهاتووشدا بۆ سەرجەم پۆلەکانی شەشەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی هەرێم بەهەردوو ڕەگەزەوە (2).

خواستێکی تری توێژەران، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتی بوو لە گریمانەکردنی بەرەو پێشچوونی قوتابییان لەڕووی چەندێتییەوە لەپاڵ بەرەو پێشچوونی چۆنێتیدا، بۆ ئەم مەبەستە، هەروەك لە خشتەکەدا، وێنەی ژمارە (1) دیارخراوە، قوتابییان لەوڵامدانەوەی فۆڕمی ژمارە (2)دا، پاڵپشت بە بەکارهێنانی وێنە، بەرەو پێشچوونێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیبوو. قوتابییان لەکاتی وڵامدانەوەی پرسیارەکانی فورمی ژمارە (1)دا، کە بریتییبوون لە (1415) پرسیار، لەناویاندا (171) پرسیار وڵام نەدرابۆوە، کە ڕێژەکەی، بریتییە لە (12٪) لەکۆی پرسیارەکان. لەکاتێکدا لەفورمی ژمارە (2)دا ریچژەی پرسیارە وڵام نەدراوەکان، بریتییەن لە (24) پرسیار، کە تەنیا ڕێژەی (2٪)ی پرسیارەکان پێکدەهێنن، بڕوانە وێنەی ژمارە ( 1 و 4). ئەمەش لەخۆیدا بەرەو پێشچوونێکی دیار و بەرچاوە لەڕووی چەندێتییەوە لە ئاستی وەڵامی قوتابییاندا.


فۆرمی ژمارە (١)
قوتابی خۆشەویست وڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

فۆرمی ژمارە (٢)
قوتابی خۆشەویست وڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

وێنەیەك لەو فۆرمانەی گەشەیانکردووە


فۆرمی ژمارە (١)
قوتابی خۆشەویست وڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

فۆرمی ژمارە (٢)
قوتابی خۆشەویست وڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

وێنەیەکی تر لەو فۆرمانەی گەشەیانکردووە.


فۆرمی ژمارە (١)
قوتابی خۆشەویست وڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

فۆرمی ژمارە (٢)
قوتابی خۆشەویست وڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لەچی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

وێنەیەك لەو فۆرمانەی کە لەڕووی چەندێتییەوە گەشەیانکردووە


قوتابی خۆشەویست وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:
فۆرمی ژمارە (١)
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لە چی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

وێنەیەك لەو فۆرمانەی وەكو خۆیانن


قوتابی خۆشەویست وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:
فۆرمی ژمارە (١)
پ١/ ژینگە چییە؟
پ٢/ ژینگە لە چی پێکهاتووە؟
پ٣/ واتای ژینگە پارێزی چییە؟
پ٤/ پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
پ٥/ چۆن ژینگەکەمان بپارێزین؟
ناوی سیانی قوتابی:
قوتابخانەی:

وێنەی فۆرمێك لەوانەی كەوا پاشەكشەیانكردووە



فۆرمی وێنە بەکارهاتووەکان

خشتێ ژمارە 1

| قوتابخانە | ژمارەی قوتابییان | ژمارەی کچان | ژمارەی کوڕان | گەشە کردن | وەك خۆی | پاشە کشە | پرسیاری بێ وڵام، ف1 | پرسیاری بێ وڵام، ف2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ق1 | 17 | 10 | 7 | 15 | 2 | – | 5 | – |
| ق2 | 23 | 12 | 11 | 20 | 3 | – | 6 | 2 |
| ق3 | 17 | 12 | 5 | 15 | 2 | – | 2 | – |
| ق4 | 19 | 8 | 11 | 15 | 2 | 2 | 14 | 2 |
| ق5 | 20 | 15 | 5 | 16 | 1 | 3 | 7 | 1 |
| ق6 | 30 | 23 | 7 | 20 | 5 | 5 | 5 | 1 |
| ق7 | 25 | 15 | 10 | 17 | 7 | 1 | 9 | 4 |
| ق8 | 29 | 21 | 8 | 22 | 5 | 2 | 32 | 2 |
| ق9 | 23 | 11 | 12 | 21 | 2 | – | 28 | 1 |
| ق10 | 33 | – | 33 | 23 | 10 | – | 31 | 8 |
| ق11 | 19 | 4 | 15 | 14 | 4 | 1 | 15 | – |
| ق12 | 28 | 9 | 19 | 18 | 8 | 2 | 7 | 3 |
| سەرجەم | 283 | 140 | 143 | 216 | 51 | 16 | 171 | 24 |
| ڕێژەی سەدی | | ٪49 | ٪51 | ٪76 | ٪18 | ٪6 | ٪12 | ٪2 |




وێنەی ژمارە (1)




وێنەی ژمارە (2)




وێنەی ژمارە (4)

خشتەی ژمارە 2

| زمانی کوردی | اللغة العربية | English language |
|---|---|---|
| دەربڕین | التعبیر | Expression |
| مرۆڤ | الإنسان | Human being |
| گیانداران | الکائنات الحية | other primates |
| پەرەپێدان | التطویر | Development |
| کارامەیی خۆ دەربڕین | مهارة التعبیر عن النفس | The skill of self-expression |

## 5. ئەنجامەکان

1. بایەخپێنەدان، پشتگوێخستن و بەهەدەدانی وەرنەگرتنی دەربڕینی (زارەکیی و نووسەکیی) بەئاستی قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتییەوە دیارە.

2. سام و ترس لەنووسین بەڕێنمایی و هاوکاربوونی مامۆستا بۆ قوتابی دەرەوێننەوە و بەئەرێنی بۆ قوتابی دەگەڕێنەوە.

3. کەمی کاتی تەرخانکراو لەناو لقەکانی تری زماندا بۆ دەربڕین و داڕشتن، بەنەرێنی بەسەر قوتابییاندا شکاوەتەوە.

4. وێنەکان لە تاقیکردنەوەی فۆرمی ژمارە دوو (پاشان/ بعدی)دا، جوڵەو چالاکییەکی بەرچاوی بەتوانای قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکەدا.

5. مامۆستا و وەسیلەکانی ڕوونکردنەوە لەکاراکردنی ئەم کارامەییەدا، پاڵپشت و هاوکار دەبن.

6. بەگشتی قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە پێشوازییەکی بەرچاویان کرد لەم شێوازە (پیشاندانی وێنە) و مامەڵکردنە لەگەڵ گوتنەوەی ئەم لقەی زماندا.

7. بەڕێوەبەر و مامۆستایانی ئامادەبووی هەموو ئەو قوتابخانانەی کە گوتنەوەی وانەکانی تێدا ئەنجامدرا، گەواهی دەری ئەو جوڵەو گەشەکردنە بوون کە بەقوتابییەکانییانەوە دەبینرا.

8. وێنە تارادەیەکی بەرچاوە ئیلهام بەخشی زەینی قوتابیی و وزەبەخشی گیانی دەربڕینە، بەمەرجێك هەماهەنگیی هەبێت لەنێوان پەیامی وێنەو مەرام و مەبەستی بابەتەی داوکراو لەلایەن مامۆستاوە.

## 6. ڕاسپاردەکان

هەردوو توێژەر لەئەنجامی بەکارهێنانی (وێنە)دا لەکاراکردنی قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتییدا، ئەم ڕاسپاردانە دەخەنە بەرچاوی وەزارەتی پەروەردە، یەکەی پرۆگرامەکان و مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان - بۆ بەرەوپێشبردنی گوتنەوەی ئەم لقەی زمان:

1. بایەخدان بەدەربڕینی زارەکیی لەخێزان، دایەنگەو باخچەی ساوایانەوەتاکو کۆتایی (بازنەی دووەم، پۆلەکانی 4 ، 5 ، 6).
2. شانبەشانی بایەخدان بە دەربڕینی زارەکیی لە پۆلی دووەمی بازنەی یەکەمەوە دەستبکرێت بەدەربڕینی نووسراو لەشێوەی نووسین لەسەر وێنەکان و لەپۆلی سێیەمی هەرئەو بازنەیەدا بەرەو پێشتر بچێت.
3. مەشق و ڕاهێنان کردن بەمامۆستایانی باخچەی ساوایان و بازنەی یەکەمی بنەڕەتی لەبواری بایەخدان بە دەربڕین لەڕووی تێۆرەکانی پەروەردە و فێرکردن و دەروونزانییەوە.
4. پترکردنی چالاکییە ناو پۆلی و دەرەوەی پۆل بۆ بەهێزکردنی تواناو بەهرەی دەربڕین لەڕێگەی وێنە، فیلم و نمایشکردنەوە.
5. ڕاسپاردە دەکرێت حەفتانە یەك بەشەوانە بۆ دەبڕین و نووسین تەرخانبکرێت، تاکو لەو هەلی بەداڕشتن کردنی تەنیا وانەیەك لەچەند حەفتەیەکدا، ڕزگاری ببێت.

## 7. سەرچاوەکان

### 1.7.بە زمانی کوردی:


کەریم مستەفا، فەلسەفە بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، سلێمانی/ 2011

ئالان پشتیوان کەریم، بەکارهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکیی بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لەزمانی کوردیدا، 2014، ماستەرنامە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر.


### 2.7. بە زمانی عەرەبی:


مختار طاهر حسین، تعلیم التعبیر الکتابي/ مرشد المعلم، مکتبة عبیکان، الطبعة الأولی، الریاض/ 2006


### 3.7. بە زمانی ئینگلیزی:


Bearne, V. and Wolstencroft, H. (2007) "Visual Approaches for Teaching Writing Multimodal Literacy 5-11, UK, London, SAGE Publications Company

E.C.Wragg, C.M.Wragg, G.S.Haynes and R.P.Chamberlin, (1998) "Improving Literacy in The Primary School" London and New York, Routledge.

Ministry of Education, (2005) "A guide to Affective Instruction in Writing" UK, London, Queen's Printer for Ontario.

## فعالية الصورة على مهارة التعبير الكتابي

**الملخص:**

إن اللغة هي الفاصل ونقطة الإختلاف بين الإنسان والكائنات الأخرى. وقدرته على التعبير الشفاهي عالية ونشيطة، وفي حال كون الإنسان متعلماً، يمكنه عن نفسه و بيئته كتابةً وبصورة أعمق، وبإستعمال حواسه الخمسة وجهاز النطق ومداومة التواصل. وإن التعبير الشفهي والكتابي بحاجة إلى التنشيط والتطوير، فإن الوسائل والأسباب الأخرى المتاحة في البيت والمجتمع والمدرسة تساعد على نمو وتطوير هاتين المهارتين، وذلك بوجود المتعلمين في البيت والمعلم والكتاب في المدرسة، والوصول بالطفل الى مستوى أعلى من ناحية المطلوبة والتي هي (مهارة التعبير) في أصل غريزية عند مساعدة الطفل في تعلمه.

**الكلمات الدالة**: الإنسان، الكائنات الاخرى، التعبير الشفهي والكتابي، مهارة التعبير، النمو، التطوير.

## The Effectiveness of Picture on Writing Skill

**Abstract:**

Human Being can communicate orally which make them different animal communication. even if an individual is not educated he can convey what he or she wants to express clearly. it is clear from what has been mentioned previously that there is huge different between human and animal communication. both spoken and written forms communication required activation and development. Human, society, and schools are the main elements which affects the development of these forms. expert people should hold the responsibility for this issue. these skills should be developed an enjoyable style from primary stage.

**Keywords:** Human Being, Animal, Verbal and Written Expression, Skill of Expression, Growth, Development.